

# نەخۆشخانە ئەهلییەکان بارێکی قوورسە لەسەر شانی هاووڵاتییانی نەدار

زۆرێک لەو هاووڵاتییانەی بەمەبەستی نەشتەرگەری روو لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان دەکەن نیگەرانن لە بەرامبەر کەمی خزمەتگوزاری و گرانی نرخی دەرمان و تاقیگەکان و پشکنین و تیشک و نرخی نەشتەرگەری، پێیان وایە لە نەخۆشخانە حکومییەکان وەک پێویست گرنگیان پێنادرێ، لە نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش گرانی نرخەکان پارەیان لەگیرفان ناهێڵێت، باس لەوەش دەکەن ئەو سیستەمەی تەندروستیە لە هەرێمی کوردستان و عێراق پەیرەو دەکرێ کۆنە و پێویست دەکات گۆڕانکاری بەسەردابهێنرێت.

رِاپۆرت: هێمن محەمەد
فۆتۆ: فازڵ فەرامۆش

**(رەشید ئەحمەد) لەبەردەم یەک لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بەدەم تەلەفۆنکردنەوە دەهات و دەچوو و داوای لە خزمەکانی دەکرد پارەی بۆ پەیدا بکەن تاکو نەشتەرگەری بۆ کوڕەکەی ئەنجامبدات (رەشید) بەهەناسە سوارییەوە گوتی:**

کوڕەکەم لەسەر خانوو کەوتۆتە خوارەوە و ئازاری زۆرە و حاڵی پەرێشانە، دکتۆرەکان داوای پارەی زۆرم لێ دەکەن، لەتواناشمدا نییە ناچارم داوا لە کەسە نزیکەکانم بکەم کۆمەکم بکەن و پارەم بەقەرز پێبدەن، ئەگینا گیانی کوڕەکەم دەکەوێتە مەترسی، ناشبێ زیاتر لەوە چاوەڕوان بکەم نەک من هیچ کەس لە ئێمە چاوەڕوانی مەرگی ئازیزێکی ناکات و ئەگەر کوڕەکەم دەبەمە نەخۆشخانەی حکومی دڵم ئاو ناخواتەوە، چونکە ئەو دکتۆرانەی نەشتەرگەری بۆ کوڕەکەم دەکەن تازە خوێندنیان تەواوکردووە و دەترسم وەک پێویست نەشتەرگەرییان پێنەکرێت کە رووشم لێرە کردووە گرانی نرخی نەشتەرگەری دووچاری شۆکی کردووم هەرگیز نەمدەزانی نرخی نەشتەرگەری و دەرمان و پشکنین و حەسانەوەی و خەواندنی نەخۆش هێندە گرانە، خۆزگە جارێکی دیکە سیستەمی تەندروستی گۆڕانکاری بەسەر دادەهات و حیساب بۆ داهاتی خەڵکیش دەکرا. **بەبۆچوونی (د.ئازاد مەنتک) شارەزا لە نەخۆشییەکانی دڵ** لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ ەوە گۆڕانکاری زۆر لەکەرتی تەندروستی کراوە، بەڵام لە ئاست داواکارییەکانی خەڵکدا نەبووە پێویست دەکا وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای پزیشکان بە هەماهەنگی لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایانی بواری تەندروستی چاو

بە سیستەمی تەندروستیدا بخشێننەوە و ڕەچاوی مافی دکتۆر و نەخۆشەکان بکرێ.

**سەبارەت بەگرانی نرخی نەخۆشخانە ئەهلییەکانیش گوتی:** جاران نرخی نەخۆشخانە ئەهلییەکان دیار بوو گرانیش نەبوو، بەڵام هاتنی بەلێشاوی دکتۆری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان گشت نرخەکان گۆڕانیان بەسەر داهات بەتایبەت ئەو دکتۆرە عەرەبانەی کە لەشارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق روویان لە شارەکانی هەرێم کرد بەویستی خۆیان نرخیان دانا و پابەندی یاسا و رێنماییەکانی وەزارەت و سەندیکا نەبوون، هەر بۆیە بێسەروبەرییەکی زۆر لە نرخەکان پەیدا بوو، **هەروەها (د.ئازاد مەنتک) گوتی:** تا ئێستا یاسایەک نییە بۆ دانانی نرخ لەسەر جۆر و چۆنیەتی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکان، هەربۆیە لە نەخۆشخانەیەک بۆ نەخۆشخانەیەکی دیکە نرخەکان جیاوازن و هەڵکشان و داکشانی پێوە دیارە.

**(فەرهاد ئەحمەد) تەمەن (٣٣) ساڵ کاسبکار یەک لەو نەخۆشانەیە کە زیاتر لە چەند جارێک لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان نەشتەرگەری بۆ قاچی ئەنجامداوە ئەو پێیوابوو** هەندێک لە دکتۆرەکان زۆر بەخێرایی بڕیاری نەشتەرگەری بۆ نەخۆشەکان دەدەن و دەڵێن پێویستیت بە نەشتەرگەری هەیە! چەند جارێک نەشتەرگەریم بۆ کراوە پارەیەکی زۆرم خەرجکردووە تا ئێستاش قاچم چاکنەبۆتەوە، دەبێ یەک ساڵ کاربکەم پارەکەش کاش بدەم بە دکتۆرێک.

**بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی لە وەزارەتی تەندروستی د. جەمیل عەلی نکۆڵی لەبوونی کەموکوڕی ناکات لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان و پێیوایە هەندێک لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان مەرجی تەندروستییان تێدا نییە و گوتی:** فەرمانێکی وەزاری دەرچوو بۆ بەدواداچوون و رێکخستنەوەی نەخۆشخانە ئەهلییەکان و عیادەکان، چونکە تێبینیمان کردووە هەندێ لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان مەرجی پێویستییان تێدا نییە و شوێنیان بچووکە و ئامێری پشکنین و نەشتەرگەری و تاقیگاکانیان لە ئاست داواکارییەکانماندا نییە، بۆ ئەم مەبەستە بەنیازین بەهەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای پزیشکان و زانکۆی پزیشکی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوون دروست بکەین.

**سەبارەت بە نرخی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە گوتیشی:** زانیومانە نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەیەک بۆ نەخۆشخانەیەکی دیکە جیاوازە نەشتەرگەری هەیە پارەیەکی زۆری لەبەرامبەردا وەرگیراوە، تەنانەت باس لە وەرگرتنی بڕی (١٠) هەزار دۆلار کراوە، لە کاتێکدا زۆربەی هاووڵاتییانی کوردستان دەستکورتن و توانای دابینکردنی ئەو پارە زۆرەیان نییە، **هەروەها (د.جەمیل عەلی) گوتی:** بەدرێژایی کاتەکان نەخۆشخانە حکومییەکان کراوەن خەڵکان دەتوانن سوودی لێوەرگرن، بەڵام هەندێک لەخەڵکان خۆیان داوا دەکەن نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بکەن، چونکە پارەیان هەیە یاخود هاتن و چوون و سەردان و رێوشوێنیان ئاسانترە یاخود حەزدەکەن دکتۆرێکی دیاریکراو نەشتەرگەرییان بۆ بکات، لە نەخۆشخانە حکومییەکان دکتۆرێکی بەتوانامان هەیە و رۆژانە دەیان نەشتەرگەری گەورە ئەنجامدەدەن.

**سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پزیشکانی کوردستان (د.کامەران رەسوڵ) هەمان بۆچوونی (د.ئازاد مەنتک)ی هەیە پێیوایە هاتنی دکتۆری بیانی بەتایبەت دکتۆرە عەرەبەکان هۆکارن بۆ گرانبوونی نرخی نەخۆشخانە ئەهلییەکان گوتی:** زۆرێک لە نەخۆشەکان پێیانوایە ئەگەر دکتۆرێک لە بەرامبەر نەشتەرگەرییەک پارەیەکی زۆری داواکرد ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە دکتۆرەکە دکتۆرێکی چاکە یاخود ئەگەر دکتۆرەکە بیانی بوو ئەوە دکتۆرێکی سەرکەوتووە لەکاتێکدا بەرزی نرخەکان پێوەر نییە بۆ بەرزی ئاستی زانستی و توانای دکتۆرەکان **هەروەها گوتی:** بە بەردەوامی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لە هەوڵداین و رێنمایی دەردەکەین بۆ رێکخستنی کاروباری عیادەکان و نەخۆشخانە ئەهلییەکان، بەڵام زۆرجار دکتۆرەکان پێوە پابەند نابن بەتایبەت دکتۆرە عەرەبەکان، سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پزیشکان نەیشاردەوە کە هەندێ نەشتەرگەری هەیە کاتی زۆرکەمی دەوێ، بەڵام پارەیەکی زۆری لەبەرامبەر وەردەگیرێت تەنانەت زانیاریم هەیە نەشتەرگەری لە هەولێر بە زیاتر لە (١) دەفتەر دۆلار کراوە. **سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پزیشکان باس لە سزادانی دکتۆرەکان کرد و گوتی:** هەرکاتێ زانیاریمان بۆ هات دکتۆرێک کەمتەرخەمی دەکات و پابەندی رێنماییەکانی تەندروستی نابێت، ئێمە لەلایەن خۆمانەوە بەدواداچوونی بۆ دەکەین، لەم رۆژانە عیادەی دکتۆرێکی عەرەبمان بۆ ماوەی (٦) مانگ داخست، چونکە پابەندی رێنماییەکانی سەندیکا نەدەبوو گرنگی بە نەخۆشەکان نەدەدا.

ناوبراو جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە هەرکاتێ زانیاریمان بەدەست گەیشت کە دکتۆرێک کەمتەرخەمی دەکات بەدواداچوونی لەسەر دەکەین.

**بارزان ئەبوزێد بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی کوردستانی تایبەت لە شاری هەولێر:** باس لەوە دەکات لەم چەند ساڵەی رابردوو ژمارەی دانیشتووان زۆر زیادیکردووە لە بەرامبەردا نەخۆشخانەی حکومی و تایبەتییەکانیش زیادبوونە، بەڵام زیادبوونی دانیشتووان و باشبوونی داهاتی زۆرێک لە خەڵکان هۆکارن بۆ رووکردنە نەخۆشخانە تایبەتییەکان، خەڵکان بە ویستی خۆیان بە دوای دکتۆرە ناسراوەکاندا دەگەڕێن و داوایان لێدەکەن لە نەخۆشخانەی تایبەتی نەشتەرگەرییان بۆ بکرێت، چونکە هەندێ لە نەخۆشەکان نایانەوێ نۆرە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە نەخۆشخانە حکومییەکان بگرن.

**سەبارەت بە جێبەجێکردنی رێنماییەکانی سەندیکای پزیشکان و وەزارەتی تەندروستی (بارزان ئەبوزێد) گوتی:** بە بەردەوامی چاودێری نەخۆشخانەکان دەکرێت لە رووی چۆنایەتییەوە، **سەبارەت بە نرخەکانیش گوتی:** خەڵکان وادەزانن ئەو پارەی لە بەرامبەر نەشتەرگەری وەردەگیرێت بۆ نەخۆشخانەکەیە، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری پارەکە بۆ هەر یەکە لە دکتۆرەکان و دکتۆر سڕکەرو یاریدەدەری پزیشک و پێدانی دەرمان و تاقیگاکان و خزمەتگوزارییەکانی دیکەیە.



د.ئازاد مەنتک



جەمیل عەلی



د.کامەران رەسول



بارزان ئەبوزێد

## ڕێڤەبەری بەرەڤانیا باژێری ل پارێزگەها دهوکی بو گوڤارا :

# رویدانێن سالا (٢٠٠٨)ی پتر بوون ژ رویدانێن سالا (٢٠٠٩)ی مە لبەرە ل هەمی قەزا و ناحیێن سەرب پارێزگەها دهوکی ڤە بنگەهێن ئاگرڤەمراندنی ڤەکەین



**مە ب دەرفەت دیت ل دور رەوشا ڕێڤەبەریا بەرەڤانیا باژێری ل پارێزگەها دهوکی دیدارەکا تایبەت دگەل بەرێز عەقید (سلیمان عزالدین سلیمان) ڕێڤەبەری بەرەڤانیا باژێری ل پارێزگەها دهوکی ساز بکەین ل سەر کار و ئەرکێن ڕێڤەبەریی.**

**هەڤپەڤین: حەکیم حیکمەت**

*** کورتیەک سەر ڕێڤەبەریا بەرەڤانییا باژێری ل پارێزگەها دهوکی؟**

– ڕێڤەبەریا بەرەڤانیا باژێری ل پارێزگەها دهوکی نوکە سەرب ڕێڤەبەریا گشتی یا پولیسا ل وەزارەتا ناڤخو یا حکومەتا هەرێما کوردستانی ، وکاری سەرەکی یی ڕێڤەبەریی ئەوە ڤەمراندنا هەمی جورێن ئاگری هەروەسا قورتارکرن هاولاتیان ژ مەترسیا لافاوا و پیڤەلەرزا وپاراستنا (ملک و ئەملاکێن) گشتی و یێن تایبەت و دانا دەستوبریێن ئاڤاهیێن بلند ب هەڤکاری دگەل سەروکاتیا باژێرڤانیا دهوکی و ژمارا بنگەهێن ڕێڤەبەریی (٢٤) بنگەهن و هەروەسا (٥) مەفرەزێن بەرەڤانیا باژێری د خزمەتا هاولاتیان دایە بشەڤ و روژ.

*** چاوانیا وەرگرتنا پەیوەندیێن ئاگر ڤەمراندنی ژ هاولاتیان؟**

– سەبارەت سەنتەری پارێزگەها دهوکی پەیوەندی دهێتە وەرگرتن ژ لایی ژورا کنترولی ولدویف ڤان ژمارێن تەلەفونی : ١- (١١٥) کنترول. ٢- (٧٢٢١٥٤١) بکور. ٣- (٤٢٢٠١٥) رێبەر. ٤- (٧٥٠٧٣٠٦ ێ) کورەک. سەبارەت بنگەهێن بەرەڤانیا باژێری ژ دەرڤەی باژێری دهوکی هەر بنگەهەکی تەلەفونێن خو هەنە و هاولاتی دکاریت تەلەفونی بو ژمارێن وانا بکەت ل دەمی پێدڤی.

*** چ خولێن ژ دەرڤەی هەرێما کوردستانی بو فەرمانبەرێن ڕێڤەبەریا هەوە هاتینە ڤەکرن یان نە؟**

– چەند ئەفسەر و کارمەندێن ڕێڤەبەریی هاتینە هنارتن بو خولێن تایبەت یێن گرێدای ب بەرەڤانیا باژێری ل وەلاتی (کوریا ، عومان ، ئوردن ، بەغدا و بەصرە) و ئەڤ خولە د بەردەوامن بو ب هێزکرنا پێزانینا بو کارمەندێن ئاگرڤەمراندی.

*** ژمارا رویدان و زیانێن سالا ٢٠٠٩ی چەند بوون؟**

– ئامارا رویدانێن ئاگرڤەمراندنی بنە (١٧٥٦) رویدانێن ئاگرڤەمراندنی نە یێن جورە و جور.

*** رێژا رویدانا ل ناڤبەرا سالا ٢٠٠٨ی و ٢٠٠٩ی کێم بووینە یان زێدە بووینە؟**

– بەلی بەراوەردی هاتیە کرن کو رویدانێن سالا (٢٠٠٨)ی پتر بوون ژ رویدانێن سالا (٢٠٠٩)ی ئەڤە ژی نیشانا هندی ددەت کو خەلکی مە پتر یی رەوشەنبیر بووی و هشیاریەکا باش دەف پەیدا بووی و جهی دلخوشی یی یە.

*** ئاریشێن بو ڕێڤەبەریا بەرەڤانیا باژێری چێدبن چنە؟**

– ئاریشا سەرەکی ئەوە نەبوونا ترومبێلێن ئاگرڤەمراندنی چونکی ترومبێلێن ئاگرڤەمراندنی فاکتەرەکی سەرەکی یە د پروسێسا ئاگرڤەمراندنی دا و مە لبەرە ل هەمی قەزا و ناحیێن سەرب پارێزگەها دهوکی ڤە بنگەهێن ئاگرڤەمراندنی ڤەکەین ، بەلی ژبەر نەبوونا ترومبێلێن ئاگرڤەمراندنی ماینە وەسا.

*** چەند کەسا گیانی خو ژ دەست دایە و بریندار بووینە ژ ٢٠٠٩/١/١ی تاکو ٢٠٠٩/١٢/٣٠ی؟**

– (٣٠) کەس بریندار بووینە و (٨) کەسان گیانی خو ژ دەست دایە و دڤان رویدانادا یێن سالا (٢٠٠٩)ی شەش ملیار و سەد و هەشتی و پێنج هزار دینار زیانێن ڤان رویدانا بوون.

*** ڕێڤەبەریا بەرەڤانیا باژێری چ تیمێن (غواصا) هەنە؟**

– بەلی مە چەند تیمێن غەواصا هەنە ل بنگەهی بەرەڤانیا باژێری ل زاخو و ل سالا (٢٠٠٩)ی چەند رویدانێن هندابوونی چێبوونە ل سەر رویباری خابیری ل زاخو و رویباری زی و (٥) هاولاتیان گیانی خو ژ دەست دایە.

# وەڵامێک بۆ گۆشەی (لێرەوە دەیڵێم)

سەبارەت بە سەرە قەپاغی ئەو بیرەی کەباسی دەکات، دوای ئەوەی بەشی پێشەوەی قوتابخانە لەلایەن شارەوانییەوە کۆنکریت کرا بەدرێژایی (٣٠٠م) بە (٥م) بەرینی بیری ئاودەست کەوتە ژێر ئەم کۆنکریتە و پاشان سەری ئەم بیرەیان بچووک کردەوە بۆ نزیکەی (١٥)سم بە (١٥)سم بۆ ئەوە داخەری ئاسنینی بۆ دابنێن، بەڵام دوای تەواوبوونیان ئەم کارەیان دواخست ئێمەش بەشێوەیەکی کاتی بلۆکێکمان خستەسەری تاوەکو هیچ زەرەری نەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی شوێنێکە ئۆتۆمبێلی لێ دەوەستێ زۆر جاران بلۆکەکەیان لادەدا، بەڵام ئێستا هەوڵی ئەوەمان داوە کە بە پارچە ئاسنێکی پتەو دایخەین، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرەکەی زۆر بچووکە هیچ زەرەرێکی نەبووە تاوەکو ئەم برادەرە بیوروژێنێ.

بەڵگەی چییە لەسەر ئەوەی کە قوتابییانی قۆناغی یانزە چاویان بە مامۆستای وانەی بیرکاری نەکەوتووە و هەموو وانەکانیش داخیلی ئەزموونەکانی وەرزی یەکەم بووینە، ماوەی وەرزی یەکەم لە (٢٠٠٩/٩/١٥) تاوەکو (٢٠٠٩/١٢/١٥) بوو کە دەکاتە سێ مانگی تەواو سەرەتای وەرز تاکو مانگێک مامۆستای بیرکاری وانەبێژ بوو بەناوی مامۆستا ئەندام کە موعید بوو لە کۆلێژ و لەبەر زۆری کارەکانی کۆلیژ نەیتوانی درێژە بەخزمەتی وانەبێژی بدات لەقوتابخانەکەمان، پاشان بۆ ماوەی هەفتەیەک تاکو نۆ رۆژی خایاند تاکو توانیمان گرێبەست لەگەڵ مامۆستایەکی دیکەی هەمان پسپۆڕی بیرکاری بەشێوەی وانەبێژی ببەستین بەناوی مامۆستا (سەردار عەبدولرەزاق) کە مامۆستایە لەسەر میلاکی پەروەردەی شەقڵاوە کەتاوەکو ئێستا بەردەوامە لەسەر کاری مامۆستایەتی لەقوتابخانەکەمان بەم شێوەیە لەماوەی سێ مانگی وەرزی یەکەم تەنها هەفتەیەک بێ مامۆستا بووین، چۆن بوو بەیەک وەرزی تەواو پاشان باشترین بەڵگەش لەسەر ئەم راستییە بەپێی سیستەمی نوێی خوێندن ئێستا قۆناغەکانی ئامادەیی لە پۆلی (١٠ و ١١) دانانی پرسیار و پشکنینی پەڕاوی ئەزموندان بەشێوەی کۆنترۆڵ لەنێوان قوتابخانەکان ئەنجام دەدرێ... ئەی ئەگەر قوتابییانی قۆناغی (١١) قوتابخانەکەمان چاویان بەمامۆستای بابەتی بیرکاری نەکەوتووە، چۆن وەڵامی پێنج پرسیاری کۆنترۆڵیان دایەوە و رێژەی دەرچوونیان لەم وەرزە و لەم بابەتە گەیشتە (٧٨,٩٪) جا بەدەستهێنانی ئەم ئەنجامە ئەگەر بەبێ مامۆستا بێت کەواتە قوتابییانی قوتابخانەی ئێمە هەموویان مامۆستان و لەمەودا پێویستییان بەبوونی مامۆستاش نابێ.

**تەحسین نوری کەریم**
**بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی بژوێنی ئێواران**




ئەو وێنەیەی کە دەیبینین بەردەم حانووتی قوتابخانەی(وەلی دێوانە)ی کوڕانە لە هەولێر کە دەکەوێتە گەڕەکی شەهیدان، کە بەو شێوەیە خواردن و خواردنەوە بە قوتابیان دەفرۆشێتەوە ئەگەر سەیری ئەم وێنەیە بکەی ئەوا بۆت دەردەکەوێ کە هیچ چاودێرییەکی تەندروستی بەسەرەوە نییە، بۆیە بەو شێوەیە مامەڵە دەکەن!!

## لێرەوە دەیڵێم

## تەحمیلاتی ئیداری!؟



**ئازاد هەینی**

تەشەنەکردنی دیاردەی گەندەڵی، وایلێهاتووە ببێتە پەتایەکی کوشندە، خەریکە بڵێین بنبڕکردنی زەحمەتە، بەتایبەتیش لە بواری دارایی، بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کێشانەش، بێشکە یاساو سیستەمی تایبەت هەیە، لەگەڵ جێبەجێنەکردنی نەخۆشییەکەی کوشندەتر کردووە، ئاشکرایە لە تۆمارگە ژمێریارییەکان بۆ هەر خەرجییەک و کەلوپەلێکی رۆژانە، ژمارەیەک هەیە بەرامبەر بە خەرجییەکان بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی بە سیستەمی ژمێرکاری یەکگرتوو، ئەم سیستەمە تاڕادەیەک لە حکومەت هەیە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە نێو کۆمپانیا ئەهلی و بریکارە بازرگانییەکان بەمدواییە جۆرە مەسروفاتێکیان داهێناوە بەناوی (تەحمیلاتی ئیداری) کە لە هیچ سیستەمێکی دارایی نییە، واتە بەخشینی بەرتیل و بەرتیلکاری لە نێو ئەم حیسابە تۆمار دەکرێ لە تۆمارگە ژمێریارییەکان، کە شەرعیەت بە ناشەرعیەت دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکاندا هاتووە، کە حکومەت هەقی هەیە چاودێری وردبینی هەموو بودجەو حیساباتی کۆتایی بکات ساڵانە، چاودێری دارایشی پێویست دەکات دووبارە گشت دۆسییەکان وردبین بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە حکومەت ئەم ئەستۆو ئەرکەی خۆی جێبەجێنەکردووە تا ئێستا و بەکاری خۆی هەڵنەستاوە بۆیەش لە دروستبوونی ئەم کەلێنەیە خاوەن کۆمپانیاکان ئەم جۆرە حیساباتە بێ پاکانە دەخەنە ناو تۆمارگە ژمێرکارییەکانی خۆیان، بۆیەش گەندەڵیی رۆژ بە رۆژ دەچێتە ناو هەموو کونج و کەلێنێکی ئەم وڵاتە، ژمێریاری یاساییش بە ئەرکی خۆی هەڵناستێ، ئەوەتا پێویست دەکات بۆ هەموو سەرە ساڵێک حیساباتی کۆتایی ئیمزاو مۆرێک بکات کە پیاوێکی هەم ژمێریارە هەم یاساییە، ئەم حساباتانەی جێبەجێکردووەو هیچ کەمتەرخەمێک نییە، بەرامبەر بە بڕێک پارە، بێئەوەی ئەویش وەک حکومەت بپرسێ ئەم تەحمیلات ئیدارییە لە کوێ هات و ئەم پارەیەش بەرامبەر بەچی دراوەو بۆ؟؟!

هەق و ڕەق

# بە بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا گوزارشت لەمافێکی ڕەوای خۆمان دەکەین



عەزیز هەریری

پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی دیموکراتییەت، لەپاڵ چەندین بنەمای دیکەی وەک: ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەو ڕا دەربڕین و گوزارشتکردن لەبیروبۆچوون، کارکردن بۆپێکهێنانی پارت و ڕێکخراوەی سیاسی و، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە ئەمەی دوایی لەزۆر وڵاتانی دنیای پێشکەوتوو دەبنە پاڵپشتێکی پتەوی داوودەزگاکانی حکومەت بەمەبەستی زێتر هاندان و بەرەوپێشبردنیان لەپێناو ئەنجامدانی هەموو ئەو کارو ئەرکانەی لەبەرژەوەندیی تەواوی خەڵک و هاووڵاتیانیاندایە.

وەک لای هەمووانیش ئاشکرایە لەم وڵاتەی خۆماندا، هەر لەو ڕۆژەوەی داوودەزگاکانی میری لەعێراق دامەزراوە تا ئەو کات و ڕۆژەی ڕژێمی بەعسی فاشیی سەرکوتکار هەرەسی هێناو گۆڕبەگۆڕچوو، هەموو ئەو حکومەت و دەزگایانەی حوکمی ئەم وڵاتەیان کردووە بەهۆی ئەو سیاسەتە نادرووست و پاشکەوتووەی بەرپرسانی ئەوسا لەو وڵاتەداپیادەو پەیڕەویان کردووە، یان ڕۆژێک لەڕۆژان جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە تا بۆیان کرابێت کەم تا زۆر بواری ئەوەیان نەداوە مرۆڤی عێراقی بەکوردو عەرەب و هەموو نەتەوەکانی دیکەوە بۆ تاکە ڕۆژێکیش هەناسەی ئازادی هەڵکێشن و، ئازادانە گوزارشت لەبیروبۆچوونی خۆیان بکەن، تەنانەت بۆ تاکەجارێکیش بواری ئەوەیان نەداوە خەڵکی ئەم وڵاتە بیر لەمافە ڕەواکانی خۆی و بوونی دیموکراتییەت بکاتەوە، بەڵام لەوە بەدوا سەرباری سەختیی ڕەوش و ناسەقامگیریی بارودۆخی وڵاتی عێراقی فیدراڵ، ئەوەتا چ لەسەر ئاستی وڵاتی عێراقی فیدراڵ و چ لەسەر ئاستی کوردستاندا چەندین جار پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی و نوێنەرانی عێراق و، پەرلەمانی کوردستان و، ئەنجومەنی پارێزگاکان لەعێراق و کوردستاندا ئەنجامدراوە، خۆ ئەگەر هەندێ جار ئەو پرۆسەیە کەموکورتیشی بەخۆە دیتبێت: بەڵام ناکرێ چاوپۆشی لەو هەقیقەتەیش بکەین، کە ئەگەر ئازادی و دیموکراسییەت بەرقەرار نەبوایە ئەوا هەرگیز ئەوەی لەو چەند ساڵەی دواییدا کراوەو ئەمڕۆ بەرهەمەکەی لەبەر دەستدایەو هەمووان بەچاوی خۆمان دەیبینین، بەدی نەدەهات.

دیارە هەر لەئەنجامی بوونی ئەو ئازادی و دیموکراسیەتەیشەوەیە، جارێکی دیکە لەماوەی نزیکەی مانگێکی دیکە لەسەرتاسەری عێراق و کوردستاندا پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ هاتنە کایەی ئەنجومەنێکی نوێنەرانی عێراق ئەنجام دەدرێت و، بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکەیش نوێنەرە کاندێدکراوەکانی حزب و لایەن و بزووتنەوەو ڕێکخراوە جوداجوداکانی گەلانی عێراق بەکوردو عەرەب و هەموو نەتەوەکانی دیکەوە بۆ ئەو ئەنجومەنە لەڕێگەی دەنگدانەوە هەڵدەبژێردرێنەوە، بێگومان بەشداریکردنیش لەپرۆسەی دەنگدان مافێکی ڕەوای هەر تاکێکی کۆمەڵگایەو، ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستانیش لەڕوانگەی نەتەوایەتییەوە وا دەخوازێت هاووڵاتیان بەبێ دوو دڵی و سڵەمینەوەو بەوپەڕی ئازادییەوە گوزارشت لەتەواوی ئەو مافە ڕەوایەی خۆیان بکەن و، دەنگ بەو کەس و کاندێدانە بدەن، کە دڵنیان و دەزانن سبەی ڕۆژی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای میللەتەکەیان بەرژەوەندی و خواست و ویستی تایبەتیی خۆیان بەلاوە دەنێن و، لەهەموو کەناڵ و بوارێکی کارکردنیشداپارێزەرێکی بەمتمانەی ئەو دەنگانە دەبن، کە بەهۆیانەوە بوونەتە نوێنەری گەل و گەیشتوونەتە ئەو پلەو پۆست وپێگەیە.

وەک لەپێشدا ئاماژەم بۆی کرد، دەنگدان مافێکی ڕەوای هەموو ئەو هاووڵاتیانەیە کە تەمەنیان بەپێی یاساکانی هەڵبژاردن گەیشتۆتە هەژدە ساڵان، بۆ ئێمەی کوردیش بەتایبەت ئەمڕۆ بەشێکی زۆری پێکهاتە نەتەوەییەکانی نێو سنووری جوگرافیی عێراق و، بەشێکی زۆرتریش لەوڵاتانی دەرو دراوسی هەرگیز لەوەیان خۆش نەهاتووەو نایەت نەمیللەتی کورد لەو ئازادییەدا ببین، کە ئەمڕۆ تا ئاستێکی باش لەکوردستاندا بەرقەرارە، نەحەزیش بەوە دەکەن ئەو هێمنی و ئاسوودەییەی لەتەواوی شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا هەیە بەردەوام بێت، بەڵکو ئەوان هەموو ئاواتێکیان لەوەدا بەدی دەکەن، کە گەلی کوردو هەموو ئەو گەلانەیش کە لەنێو سنووری خاکی کوردستاندا دەژیێن هەمیشە لەژیانێکی ناخۆش و کوڵەمەرگی دابن و کوردستانیش بۆ نەیاران و تیرۆرستان کراوەبێت تاوەکو پشێوی و ئاژاوەی تێدا بنێنەوە، دیارە باشترین بەرپەرچدانەوەیش بۆ ئەو خەون و خەیاڵانەی ئەوان لەپرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یەک دەنگی و یەک هەڵویستیی هەموو چین و توێژەکانی گەلی کوردە بۆ پووچەڵکردنەوەی پلان و بەرنامە چەوت و چەوێڵەکانی نەیارو دوژمنانی گەلەکەمان.

لەهەمان کاتیشدا کاندیدی هەموو لیست و قەوارە سیاسییەکان، کە لەداهاتوویەکی نزیکدا هەڵدەبژێردرێن و لەپەرلەمانی عێراقدا دەبنە نوێنەری گەلی کورد، پێویستە ویژدانی خۆیان بکەن بەحەکەم و بەگیانێکی لەخۆبووردەیی و بەهەستێکی نەتەوە پەروەرانەوە لەماوەی ئەو چوار ساڵەی کە تیایدا نوێنەرایەتیی گەلەکەیان دەکەن بەوپەڕی گورجوگۆڵی و دوور لەکەمتەرخەمی کار بۆ بەدیهێنانی ئەو کارنامەیە بکەن، کە بەدەیان وادەو بەڵێنی جۆراوجۆریان تێدا گرد کردۆتەوە، ئەو بەڕێزانە دەبێ لەکاتی کارکردنیاندا بەر لەهەر شتێک بیر لەوە بکەنەوە، کە ئەگەر دەنگی خەڵک و هاووڵاتیان نەبوایە ئەوان وا بەئاسانی نەدەبوونە خاوەنی ئەو پۆستەو، ئەو شوێن و پێگەیەیان پێنەدەبڕاو نەیشدەبوونە نوێنەری من و تۆو فلان و فیسار. هەر بۆیە بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردن وەک چۆن مافێکی ڕەوای هەر هاووڵاتییەکە، لەهەمان کاتیشدا کارکردنە بۆ دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی نوێنەرێکی بەتواناو ڕاستەقینە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، بۆ ئەوەی بکارێت بەوپەڕی جورئەتەوە بەرگری لەسەرفرازی و مان و ژیانی گەل و نەتەوەی کورد بکات، ئەو گەلەی کە دوژمن و نەیارانی بەبەردەوامی کار بۆ ئەوە دەکەن بەمافە ڕەواکانی خۆی شاد نەبێت، بەڵکو گەرەکیانە هەمیشە پەرت و بڵاو و ژێردەستەی ئەوان بێت.

# بۆچی بەرگدرووەکان بازاڕیان وەک جاران نییە؟!



ڕاپۆرت و وێنە: کازم جەبار

ئەمڕۆ هەموو بەرگدرووەکان هاواری ئەوەیان لێهەڵستاوە کە بازاڕیان وەک جاران نییەو بەو کاسبییە ناتوانن خەرجی ڕۆژانەی خۆیان و ماڵ و منداڵیان دابینبکەن، لەکاتێکدا جاران زۆربەی دەوڵەمەند و خوا پێداوەکانی شار توێژی بەرگدرووەکان بوون، باشە دەبێ هۆکاری ئەو بێ بازاڕییەی ئەمانە بۆچی بگەڕێتەوە ئەوەتا **(سەفین ڕواندزی) کە ساڵانێکی زۆرە کاری بەرگدرووی دەکات گوتی:** بەڵێ زۆر ڕاستە ئەمڕۆ بازاڕی بەرگدرووان بەگشتی کزە، تاکە هۆکاریش بۆ هاتنی ئەو جلوبەرگە حازرانە دەگەڕێتەوە کە بەپارەیەکی زۆر هەرزانتر دەفرۆشرێ، ئیدی خەڵکیش ئامادەنین بەگران جلوبەرگ لای بەرگدرووەکان بەڕادان بدەن و ماوەیەکیش چاوەڕێ بکەن.

من زیاتر جلوبەرگی کوردەواری دەدرووم، ئێستا ئەو جلانە بازاڕیان باشترە لەوانی دیکە و کڕیاری خۆی هەیە، بەتایبەتی لە وەرزی بەهارو نەورۆزان.



سەفین ڕواندزی

**لەلایەکی دیکەوە (سەڵاح عوسمان) کە بەرگدرووێکی کۆنی شاری هەولێرە لەبارەی ئەو پرسەوە گوتی:** ئەمڕۆ بازاڕەکەمان وەک جاران نەماوە ئەویش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان زۆربوونی ئەو جلە حازرانەی کە خەڵکی داواکاری زۆری لەسەرەو دووەمیشیان هیچ جۆرە سانسۆرێک لەسەر هێنانی ئەو جلوبەرگە حازرانە نییە، دیارە کە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئیشوکاری ئێمە.

*** (فاخیر تەها)ش کە بەرگدرووێکی دیکەی شاری هەولێر گوتی:** من ناڵێم ئیشەکەمان وەکو جارانە، بەڵام هەر بەرگدرووێک تا ئەندازەیەک کڕیارو موشتەری خۆی هەیە، پاشان ئەو جلوبەرگەی کە بەحازری دەیکڕێ و ئەوەی بەڕادانی دەدەی جیاوازییەکی زۆری هەیە، بۆیە ئێستاش خەڵکی وا هەیە تەنها دێنە لای بەرگدروو یان جلە حازرەکەیان لەلای ئێمە چاکدەکەنەوە.



سەڵاح عوسمان



# بەشەخۆراکی هاووڵاتیان چی بەسەردێ؟

ئەیوب شەوکەت محەمەد

هەروەک ئاشکرایە، دابەشکردنی بەشەخۆراکی هاووڵاتیان بەپێی بڕیاری (٩٨٦) بۆ ساڵی (١٩٩٧) دەگەڕێتەوە، چونکە لەو بەروارەوە ئیدی خەڵکی لەبرسیەتی رزگاریان بوو، ئەگەرچی تا ئەمڕۆکەش ئەو برە خۆراکە بەتەواوی دابەش نەکراوە، یان خۆراکی زۆر خراپیان بەخەڵکی داوە، سەرباری هەموو ئەمانەش لێرەولەوێ قسە لەسەر ئەوە دەکرێ ئەو دابەشکردنی خۆراکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەندێ لایەنی دیکە دەڵێن رەنگە ببڕێت، بەتایبەتی ئەوانەی مووچەی مانگانەیان بەرزە، بەڵام وەک دەبینین ماوەی سێ مانگیشە ئەو خۆراکە بەسەر هاووڵاتیان دابەش نەکراوە، ئەوەش وایکردووە، خەڵکی لە بازاڕەکاندا پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی خۆیان بکڕن، دیارە ئەوەشیان بۆ خێزانی هەژار و نەدار زۆر دەوەستێ.

هەر لەمبارەیەوەش بریکارەکانی خۆراکیش ناڕەزایی خۆیان لەو مەسەلەیە پێشان دەدەن و لەو بارودۆخەدا نیگەرانن و دەڵێن بەڕاستی ئێمەش زۆر نیگەرانین، چونکە خەڵکی بەگشتی گلەیی و گازاندە دەکەن و مافی خۆشیانە لەبەر ئەوەی تا ئێستا هەموو خۆراکە سەرەکیەکانی مرۆڤ بەیەکەوە نەهاتوون، ئەوەش بۆ هاووڵاتیان و بۆ ئێمەش مایەی بێزارییە و بارەکەمان قورستر دەکات، بەڵام چی بکەین هیچ دەستەڵاتێکمان لەمبارەیەوە نییە.

سەبارەت بەبڕینی بەشە خۆراکی هاووڵاتیانیش ئابووریناسێک باسی لەوە کرد، گوایە لەساڵی دادێ ئەوەی مووچەکەی لە (٢) ملیۆن و نیو زیاتر بێت، بەشە خۆراکی مانگانەی دەبڕدرێت، یان دەڵێن رەنگە ئەو بەشە خۆراکەی کە بریتیە لە (٩) مادەی سەرەکی بۆ (٥) مادە کەم دەکرێتەوە.

ماوەیەک پێش ئێستاش دەنگۆی ئەوە هەبوو کەحکومەتی بەغدا لەجیاتی دابەشکردنی ئەو بەشەخۆراکەی مانگانە، بڕێک پارە بەهاووڵاتیان دەدات کەخۆیان خۆراکەکە بۆ خۆیان بکڕن، پاشان ئەوەش نەچووە واری جێبەجێکردن و هەواڵەکە تەنها وەک پڕوپاگەندەیەک مایەوە.

بۆیە لە ئەنجامی هەموو ئەو لێدوان و قسانە خەڵکان بەگشتی و هاووڵاتییانی نەدار سەریان سووڕماوەو نازانن چارەنووسی ئەو بەشە خۆراکەی هاووڵاتیان چی بەسەردێ و بەکوێ دەگات؟!

## داواکاری ژمارەیەک هونەرمەندی گرێبەست

ئێمە کۆمەڵێک هونەرمەندین لەبوارە جیاجیاکانی هونەرەوە منیش وەک نوسەری ئەم داواکاریە لەبواری شانۆ کاردەکەم لەوەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەرێکەوتی (١/١/١٩٨٦) تاکو (١/١٠/٢٠٠٣) بەگرێبەست کارم کردووە بەبێ ئەوەی یەک رۆژ دابڕانم هەبووبێت واتە ماوەی (١٧) ساڵی تەواوم بەگرێبەست خزمەتی هونەرم کردووە دوای هەر لە وەزارەتی رۆشنبیری بەشێوەی هەمیشەیی دامەزرام، بەڵام ئەم خزمەتەمان بۆ ئەژمارناکەن کە دەبێتە هۆی باشتربوون بژێوی ژیانمان داوا لەسەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بەبڕیارێک ئەم داوایەمان بۆ جێبەجێ بکات کە ئەمەش دەبێتە خزمەتێک بۆ بەکۆمەڵە هونەرمەندێک.. دووبارە رێزمان قبوڵ بفەرموون.

**(غازی شینە) لەجیاتی هونەرمەندان**

## سەردەمی پاسە کۆنەکان بەسەرچوو

# هاووڵاتیان داوای پاسی نوێ دەکەن

سەردار عوسمان

گومان لەوەدا نییە کە ئەمڕۆ خەڵکانێکی یەکجار زۆر بەمەبەستی گەیشتن بەکاروباری ڕۆژانە و دەوامی فەرمی خۆیان پەنایان بردۆتە بەر پاسەکانی گواستنەوە، چونکە ئەمڕۆ ئەو پاسانە قورساییەکی زۆر لەسەر شانی هاووڵاتیان و خەڵکی نەدار کەمدەکەنەوە، بەپێی ئەوەی نرخەکەی لەبار و گونجاوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەمانەدا هاووڵاتیان کۆمەڵێک داواکارییان هەیە کە گرنگترینیان پاسی نوێ و دوا مۆدێلە، چونکە ژمارەیەک پاس و کۆستەری وا لەهێڵەکانی گواستنەوە هەن لەبەر خراپی و کۆنیان زیاد لەپێویست ئازاری گیانی هاووڵاتیان دەدەن.

شارەزایانی بواری ژینگە و کەشناسیش هەمیشە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە ئەو پاسە کۆنانە بەهۆی زۆر کارکردن و تەمەنێکی دوور و درێژەوە دوکەڵێکی زۆریان لێ پەیدابووە کە دەبێتەهۆی پیسبوونی ژینگەی کوردستان و شارەکان و لە ئەنجامی ئەوەوەش دەرد و نەخۆشییەکی زۆر بڵاودەبێتەوە کە هاووڵاتیان هەراسان دەکات.

هەر سەبارەت بەو بابەتەوە، شوفێری پاسە کۆنەکان و خاوەنەکانیان پێیان وایە گۆڕینی ئەو پاسانە سوود و قازانجێکی زۆری تێدایە، بەڵام داواکارن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ڕووەوە هاوکارییان بکات و قەرەبووی زیانە مادییەکانیان بۆ بکاتەوە، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەمێکە ڕێگایان بەهێنانی ئەوجۆرە پاسە نوێیانەداوە، چونکە ژینگەی شار پاکوخاوێن دەبێت و خاوەنی پاس و هاووڵاتیانیش ئاسوودە دەبن، چونکە ئەو پاسە تازانە مواسەفاتی زۆرباشیان تێدایە و تا ساڵانێکی زۆریش لەخزمەتی هاووڵاتیاندا دەبێت.

دیارە زۆرینەی هاووڵاتیان قسەیان لەسەر ئەو مەسەلە و هەندێک مەسائلی دیکەی تایبەت بەپاسەکان هەیە، ئەویش درەنگ هاتن و لەسەرەخۆ ڕۆیشتنیانە، چونکە ئەمانە تەنها حیساب بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەکەن و گوێ بەوە نادەن کە تۆ لە دەوامی فەرمی خۆت دوادەکەوی، بۆیە هیواداریین بە هەموو لایەکمان کارێکی وا بکەین کە بەهێنانی پاسی نوێ و تازە و بەهاوکاری مادی و مەعنەوی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ژینگەی خۆمان بەپاکی و خاوێنی ڕابگرین تا کەسیش گلەیی و گازاندەی نەمێنێ.



# بە بڕیارێکی تایبەت خاوەن موڵکانی باڵەکایەتی لە

**ڕاپۆرت: بەختیار قادر -چۆمان**



بەقەزابوونی چۆمان یەکێکە لەدەسکەوتەکانی ڕێککەوتننامە مێژوویەکەی (١١) ئازاری ساڵی (١٩٧٠)ی شۆرشی ئەیلولی مەزن ویەکەمین قەزایە کە لەسەر دەستی کورد کراوەتە قەزا، بەهۆی دژایەتیکردنی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو دەرهەق بە دانیشتوانەکەی، لەساڵی(١٩٧٥)بە یاسای ژمارە ( ٩٠) سەرجەم موڵکەکانی چۆمان لەلایەن حکومەتی ئەوسا دەستی بەسەر داگیرا، نەبوونی مافی خاوەنداریەتی خانوو و زەوی و دوکان بۆتە بەربەستێک لەبەردەم زیاتر ئاوەدانکردنەوەی باڵەکایەتی و لەم ڕووە دانیشتوانی ناوچەکە داواکارن حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوەو چیتر کار بەم بڕیارەی سەردەمی ڕژێمی بەعس نەکرێت و تێبینەرایەتی تاپۆش لەقەزای چۆمان بکرێتەوە.

لەئەنجامی گەشەسەندی بەردەوامی ئابووری و باشتربوونی باری ژیانی هاووڵاتیان و بڕیاری پێدانی پێشینەی خانوبەرە، شارۆچکەی چۆمانیش وەک شوێنەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام لەفراوان بوون دایە، بەڵام نەبوونی مافی خاوەنداریەتی و تێبینەرایەتی تاپۆ لەم قەزایە بۆتە گرفت لەبەردەم هاووڵاتیان و ناتوانن بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵەی زەوی و بنیادنانی شوێنی نیشتەجێبوون دروست بکەن، بەتایبەت لە ئێستادا بە هۆی پێدانی پێشینەی خانووبەرە بەو کەسانەی زەوی تاپۆیان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە گۆڤاری هەرێمی کوردستان راو بۆچوونی هاووڵاتیان و لایەنی پەیوەندیداری وەرگرت، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان دڵنیا بکاتەوە کە ئەوانیش بە بڕیارێکی تایبەت بەبێ بوونی تاپۆ دەتوانن سودمەندی بڕیارەکەبن.

دەڤەری باڵەکایەتی بەشارۆچکەی چۆمان و ناحیەکانی سمیلان، گەڵاڵە، قەسری و حاجی ئۆمەران و نزیکەی (١٥٠)گوندی ئەم سنوورە، لەساڵی (١٩٧٥)ەوە بەبڕیارێکی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو تاکو ئێستا بێبەشن لەمافی خاوەنداریەتی زەوی و خانوو و دوکان، بەگشتیش ناوچەکە کراوەتە موڵکی حکومەت، تا ئێستاش تێبینەرایەتی تاپۆ لەچۆمان نەکراوەتەوە، لەلایەکی تر کارپێکردنی ئەم بڕیارە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە گرفتێک بۆ هاوڵاتیان و ڕاییکردنی ئیشوکاری ڕۆژانەیان، **(محەمەد عوسمان) دانیشتووی چۆمان سەبارەت بە گرفتە گوتی:** بەهۆی نەبونی مافی



**قایمقامی سۆران: عەبدولواحد گوانی**

# پێشینەی خانووبەرە سوودمەند دەبن



خاوەنداریەتیمان نەمانتوانیوە وەک ناوچەکانی دیکەی کوردستان سەرجەم کارە یاسایەکانمان بە زەوی و زارەکانمان بکەین، ئەمەش گرفتێکەو ماوەی (١٢)ساڵە چاوەڕێی کردنەوەی تاپۆین لە قەزای چۆمان، **(ئاوارە حوسێن) دانیشتوی شارەدێی قەسرییەو دەڵێت:** تاکو ئێستا نازانین ئاخۆ پێشینەی خانوبەرە ئێمەش دەگرێتەو یان نا ؟، چونکە بڕیارەکە دەڵێت هەرکەسێک (٢٠٠م) زەوی تاپۆی هەبێت دەتوانێت سود مەند بێت ئێمەش سەرەڕای بوونی رووبەرێکی زۆری زەوی لێ تاپۆمان نییە، **هاوڵاتی ساڵح عالی سەبارەت بە نەبوونی تاپۆی زەوی و خانوبەرەکەی دەڵێت:** تا ئێستا بە هۆی نەبوونی مافی خاوەنداریەتی نەمان توانیوە زەوی و خانوەکانمان بۆ مامەڵی کڕینی ئۆتۆمبێلیش بە کار بێنین، چەندین کەس لە رێگای خزمانەوە لە شارەکانی دیکە خانووی خزمانیان بۆ کڕینی شتومەکی گرانبەها بە شێوەی قست لە رەهن داناوە، **ئەو هاووڵاتییە روونیشی کردەوە،** نەبوونی تاپۆ بۆتە گرفتێکی سەرەکی بۆ دانیشتوانی باڵەکایەتی و رۆژانە پرسی نێو گەنجانە بەتایبەت لە گەڵ بڕیاری پێدانی پێشینەی خانوبەرە،

**هەر وەک ئەندازیار (فەرمان جەمیل) سەرۆکی شارەوانی چۆمان بۆ گۆڤاری هەرێمی کوردستان خستیەڕوو،** بەپێی بڕیارێکی تایبەت بەبێ بوونی مافی خاوەنداریەتی و تێبینەرایەتی تاپۆ، هاووڵاتیان پاش وەرگرتنی رەزامەندی شارەوانی و پشگیریکردنی دادگا کە زەویەکەی شیاوی خانوو بێ گرفتی هەبێت دەتوانێت سود مەندی وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە بێت، **راشیگەیاند،** تا ئێستا هیچ نوسراوێکی فەرمی بۆ ئەم مەبەستە نەگەیشتۆتە سەرۆکایەتی شارەوانی چۆمان لێ بە پێی ئەو پرسانەی ئێمە لە شارەوانیەکانی هەولێر وەرمانگرتوە هاووڵاتیان دەتوانن پێشینەی خانووبەرە وەربگرن، هەروەک راشیگەیاند، ئەوان ئێستا سەرقاڵی تەواوکردنی نەخشەی بنەڕەتی قەزای چۆمانن بۆ ئەوەی بەزووترین کات بتوانن زەوی و زارەکانی هاوڵاتیان تاپۆ بکرێن.

سەبارەت بە کێشەی هاوڵاتیان و دڵنیابوونیان لەوەرگرتنی پێشینەی خانوبەرەو کردنەوەی تێبینەرایەتی تاپۆ لە قەزای چۆمان **(عەبدولواحید گوانی) قایمقامی چۆمان بۆ هەرێمی کوردستان دواو گوتی:** بەمەبەستی گێڕانەوەی مافی خاوەنداریەتی زەوی و زار بۆ هاوڵاتیانی دەڤەری باڵەکایەتی ماوەیەکە سەرقاڵی کردنەوەی تاپۆین لە چۆمان کە ئەمەش داواکاریەکی زۆری هاووڵاتیانە، بۆ ئەم مەبەستە ئێستا بەیانی کردنەوەی تاپۆ لە قەزای چۆمان دەرچووە، تەنها ماوە بەڕێوەبەرو کارمەندانی تاپۆ دابمەزرێنین و دەست بکەن بە تاپۆکردنی زەوی و خانوبەرە لە سەر هاووڵاتیان، هۆکاری دواکەوتنی بونەوەی تاپۆش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا وەزارەتی داد فەرمانبەرێکی یاسایی بۆ دانەناوین تا ئیش و کارەکانی تاپۆ رای بکات، بۆیە بەنیازین سەردانی وەزارەتی ناوبراو بکەین، **گوانی گوتیشی،** بڕیاری پێدانی پێشینەی خانوبەرە بۆ گوندەکان بەبێ بوونی تاپۆش دەگونجێت و ئێمەش هەوڵمان داوە دانیشتوانی چۆمانیش ئەو بڕیارە بیان گرێتەوە تا تاپۆ لە قەزای چۆمان دەست بەکارەکانی دەکات، هەروەک روونی کردەوە، هاوڵاتیان وەک سەرجەم شارەکانی دیکە دەتوانن سوود مەندی ئەو بڕیارەبن.